
# بیرەوەری پێشمەرگایەتی سەردەمی پارتیزانی چیای کۆسرەت

◇ئاسۆ کاکەخان

بەشی سێیەم



## ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە بۆپشتگیری مەفرەزە پارتیزانەکان


لەگەڵ دەستپێکردنی مەفرەزەکانمان دەمانتوانی پەیوەندییەکی پتەومان هەبێت لەنێوان ئێمەو ڕێکخستنە نهێنیەکانی چوارقووڕنە چونکە سەرچاوەی یەکەم کەئێمە پشتمان پێ بەستبوو جێگای بڕواو متمانەمان بوون ڕێکخستنەکان و ئەودۆست و لایەنگرانەی هەمان بوون بەتایبەتی هاوڕێیانی چوارقوڕنەو کۆیەو گوندی هەرمۆتە بوون، لەوبارودۆخەدا لەهەموو روویەکەوە هاوکارییەکی باشیان دەکردین، تەنانەت کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمن، کەدەبوونە مایەی مەترسی بۆسەرمان، وێرای دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەمان لەرێگەی دەریاچەی (دوکان)ەوە بۆیان دەپەڕاندینەوە بۆبەری کۆسرەت بەبەلەمەکانی خۆیان کەبژێوی خۆیان و خێزانەکانیانیان لەسەربوو، کارەکانی ئێمەشیان پێ جێبەجێ دەکردن.

کەم کەس هەبوون لەورۆژگارەدا بتوانن هاوکاری پێشمەرگە بکەن و ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان بخەنە مەترسیەوە، چونکە لای هەمووان ئاشکرابوو کەئەگەر یەکێك لەوسەردەمەدا هاوکاری پێشمەرگەی بکردایە بەعس چی بەسەردەهێنا، لەوسەردەمانەدا هەرپێداویستیەکمان هەبووایە بەبێ یەك‌ودوو، بێ دواکەوتن هەوڵیاندەدا بۆمان جێبەجێ بکەن وبەماوەیەکی کەم دەیانگەیاندە دەستمان، لەیادمە جارێکیان عەینەکەکەی ملازم کەریم شکا، ناردمان بۆلای هاوڕێیان لەچوارقوڕنە دەستیان نەکەوتبوو، هاوڕێ (خدر گۆمانی) دەچێت لە هەولێر بۆی پەیدا دەکات و دەیکڕێ و بۆی دەنێرێتەوە، ئەمە دڵسۆزیو خەمخۆری ئەم هاوڕێیانە دەردەخات کە لەناوشار چۆن بەدوای داواکاریەکی بچوکی پێشمەرگەکانمان دەکەوتن تاکو پەیدایان دەکردو بەئەمانەتەوە دەیانگەیاندەوە دەستمان، جێبەجێکردنی هەر داواکاریەکمان هەروا ئاسان نەبوو، چەندین جاریتر کاری زۆر لەوانە گەورەتریان بۆمان ئەنجامداوەو هەر لەپێناو ئیش و کارەکانی ئێمەدا ژیانیان دەکەوتە مەترسیەوە.

ئەم هاوڕێیانە هەردەم بەدوای ئیش و کارەکانمانەوە بوون چ لەناوچەکانی خۆیان یان لەشارەکانی دیکەی کوردستان، دەچوون پێداویستیەکانمانیان جێبەجێدەکردن، هەر بەهۆی ئەم جمووجوڵانەوەبوو لەلایەن دامودەزگاکانی بەعسەوەو لەرێگای سیخورەکانیانەوە هەردەم چاوی دوژمنانیان

لەسەربوو، هەرکاتێك پێشمەرگەکانمان روویان دەکردە چوارقوڕنەو دەچوونە ماڵی(مام رفیق مام نەجم) یان هەرماڵێکی دیکەی هاوڕێیانی رێکخستنەکان بۆ بەیانیەکەی لەلایەن بەعسیەکانەوە ئەوگەڕەکە دەپشکندرا، ئەم نموونەیش ئەوە دەردەخات کە ئەم هاوڕێیانە بەبێ ئەوەی هەست بەمەترسی دوژمن بکەن بۆسەر خۆیان و خانەوادەکانیان کە لەژێر چاوەدێریی دوژمندا بوون، بەبێ ئەوەی سڵ لەو مەترسیە بکەنەوە، ژیانیان بەردەوام لەمەترسیدابوو، لەگەڵ ئەم ئەرکانەشدا راسپاردەکانی سەرکردایەتیان پێماندەگەیاندو بەپێچەوانەشەوە داواکاریەکانی ئێمەشیان بەبێ کەم و کورتی دەگەیاندە جێگای خۆی، ئالێرەدا ناوی هەندێ لەو هاوڕێیانە دەبەم کە سەربەرێکخستنەکانی چوارقوڕنە بوون و هاوکاری مەفرەزەکانمان بوون و بەپشتیوانی ئەم تێکۆشەرانە دەمانتوانی لەرۆژانی پارتیزانیدا درێژە بەژیانی پێشمەرگایەتی بدەین، وەك: هاوڕێ عارف بەرپرسی رێکخستنە نهێنیەکانی ناوچەی بتوێن، مام رەفیقی مام نەجم و جەوهەری کوڕی، دانیشتوی گوندی (قوڕە بەرازەی ناوچەی بتوێن) کەدەورێکی بەرچاویان هەبوو لە راپەڕاندنی ئیش و کارەکانماندا تەنانەت ماڵەکەیان کردبووە شوێنی حەشارگایەکی نهێنی بۆمان، هاوڕێ خدر گۆمانی لەناو رێکخستنەکاندا بەهاوڕێ (رەنجدەر) ناسرابوو، یەکێك بوو لە هەڵسوڕاوانی رشێکخستنەکان، زۆر بەئازایانەوە بەدەنگمانەوە دەهات، کارەکانماننی ڕادەپەڕاند، بەبێ سڵکردنەوە، سەلماندیشی لەو ماوەیەی ئیشوکارەکانمانی جێبەجێدەکرد لەم پێناوەشدا دووجار دەستگیرکرا لەلایەن ئەمنەوە، مارفی برای خدر گۆمانی، حسێن ماخوبزانانی، شەهید مامۆستا ئەمین و حەمەڕەشی برای، برایمی ئەبوبەکری مێوژێ، خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حاجی نادر، مام قاسمی حاجی قەڵایی کە (ئامر سریە) بوو، مەولودی شێخ محمد کە بە(هاوار) ناسرابوو، دانیشتوی گوندی قزڵوو، رەسوڵی مەلا خاڵۆزای شەهید عەلی حاجی نادر، ئیسماعیل بابەکر، خدر کوێخا ئیسماعیل، مام جومعەی قەسرۆك، کوێخا برایمی کلاوسوران، وەکو کوردێکی دڵسۆزو دۆستێکی نزیکمان هاوکاریمانی دەکرد، مام مەجید کە لەناوچەکە شوان بوو، وەك کەسێکی شیوعی هاوکاریمانی دەکرد، مام حاجی مستەفا دانیشتوی گوندی (خەلیفە)ی بتوێن وەکو کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر هاوکاری دەکردین، کاك هەمزە دانیشتوی گوندی(سارتك)ی دۆڵی سەرکەپکان کە (ئامر سریە) بوو دۆستێکی نزیکمان بوو، حەسەن حەمەدەمین عەولا وێردی برای هاوڕێ عارف، بەکر شەم، ئەحمد مام عزیز (عالیقەیی)، حەسەنی ئامەسوور، رەفیقی ئامەسوور، دانیشتوی ئەوکاتی(حاجی ئاوا) بوون کە لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی (قزڵوو) ی بەری کۆیە بوون. هاوڕێ رەفیقی ئامەسوور هەرکاتێك پێویستمان بەجلوبەرگ ببوایە کەخۆی بەرگدرووبوو، بۆمانی دابیندەکرد، ئەحمەدی خەلیفە، حەمەی مام عەولای مێوژێ، مامۆستا جەمیل مەتی موسا دانیشتوی گوندی(هەرمۆتە) هاوڕێ ئاوارە لەکۆیە، عبدالله رەشید دانیشتوی گەڕەکی ئیسکانی کۆیە، مام مستەفا رەشید تۆپزاوەیی کۆیە، هەورەها چەندین تێکۆشەری دیکەی رێکخستنەکان لەرۆژانی پارتیزانیدا هاوکاریان کردووین چ وەکو رێکخستن یان دۆست یان کوردێکی دڵسۆز دەستی هاوکاریان بۆمان درێژکردووەو چەندین جاریتر هاوکاریمان کراوە لەناو کۆیەو گوندی هەرمۆتە، رێکخستنەکان کاریان بۆمان کردووە، ناوی ئەو هاوڕێیانەی کۆیەو گوندی هەرمۆتەمان دەستنەکەوت چونکە ئەوان پەیوەندیان بەشەهید (ملازم شێرزاد)ەوە هەبوو، لەو سەردەمەشدا هەریەکێك لەفەرماندەکانمان پەیوەندی دەکرد بەو کەسانەوە کەهاوکارییان دەکردین.

هەندێ لەو هاوڕێیانەی کە ناویانم هێناوە لەو سەردەمەدا چەکداری رژێم بوون تەنانەت بەرپرسیارێتیان هەبووە لەناو فەوجەکانی



ناوزەنگ/ ١٩٨٩، لەراستەوە: مام جوامێر، ئەبوزەهرا، شالاو

رژێمدا، یەكێك لەو كەسایەتیانە (ئەحمەد حاجی نادر)لەفەوجی (ئەنوەربەگی بێتواتە) پلەی (ئامر سریە) هەبوو، كەسایەتیەكی ناوچەكەو لەبنەماڵەیەكی شیوعی بوو وەك قەلایەك وابوو بۆمان كە هەر كاتێك پێویستیمان پێبوایە بەدەنگمانەوە دەهات و داواكاریەكانمانی جێبەجێی دەكرد، مام قاسم حاجی قەلایی بەهەمان شێوە چەكداری رژێم بوو بە پلەی (ئامر سریە)، رەسولی مەلا خالۆزای شەهید (عەلی حاجی نادر) كەئەویش چەكداری رژێم بوو یەكێك بوو لەهاوكارانمان، مام مستەفا رشید تۆپزاوەیی كۆیە چەكداری رژێم بوو بەپلەی (ئامر سریە) لەفەوجی (قاسم ئاغا)ی كۆیە، ئەم بەرێزە هاوكاریەكانی رۆلی بەرچاوی دەگێرا (مام مستەفا رەشید) بوو كەرۆژێك پێش ئەوەی فەوجەكەی قاسم ئاغا بێتە سەرمان لەچیای كۆسرەت دەچێتە لای هاورێ خدر گۆمانی و ئاگاداری دەكاتەوەو زانیاری پێدەداو پێدەلێت هاورێیانی كۆسرەت ئاگادار بكەرەوە كە(قاسم ئاغا) بەنیازە بچێتە سەریان، قاسم ئاغا نەیدەهێشت (مام مستەفا رەشید) خۆی و سریەكەی بەشداری شەرەكە بكات چونكە بەشیوعی دەزانی بۆ ئەوەی ئاگادار نەبێت لەئیش‌و كارەكانی‌و ئێمەش ئاگادار نەكاتەوە، چونكە مام مستەفا پەیوەندی بەرێكخستنەكانی ئێمەوە هەبوو، بەلام مام مستەفا رشید هەرچۆنێك بووە ئەو نیاز خراپیەی قاسم ئاغاو دام ودەزگا سیخوریەكانی بەعسی دەست كەوتبوو، دلسۆزی و خەمخۆری خۆی نواندبوو خۆی گەیاندبووە لای هاورێ خدر گۆمانی‌و زانیاریەكەی پێدابوو، هەركاتێك هاورێیان دەیانویست پەیوەندی بكەن بەماڵی(عەبدوللا رەشید) لەكۆیە ماڵەكەیان لەپەری شاربوو، لەپشتەوە دەرگایەكی بچوكیان هەبوو جەرەسێكیان بۆ دانا بوو هەركاتێك پێشمەرگەكان دەچوون پێویستی نەدەكرد لەدەرگا بدرێ جەرەسێكیان لێ دەدا ماڵی مام عەبدوللارشید تێدەگەیشتن كەپێشمەرگەكانن و ئەو جەرەسەش بۆ ئەومەبەستە دانرابوو گلۆپێكی سووریان دانابوو بۆئاگادار كردنەوە،

چونكە زۆرجار بۆسەی جاش لەودەورووپشتە دادەنرا ئەم دانانی گڵۆپە نیشانەی ئەوەبوو كە هەركاتێك بۆسەی دوژمن یا هەستیان بەبوونی جاش بكردایە بەشەو گڵۆپە سوورەكەیان دادەگیرسان، كەواتا پێویست ناكات پێشمەرگەكان سەردان بكەن یالەم رێگایەوە بێنە ناوشار. ئەمەی لێرە باسی دەكەم چەند هاوكاریەكی بچوكی ئەوبەڕێزانەبووبگرە چەندین جاریترهاوكاری گەورەتریان كردووین، پێویستە ئاماژە بدەم بەرۆڵ و هاوكاریكردنی بەردەوامی حیزبی دیموكراتی كوردستان و رابەرایەتی شۆڕشگێڕان بەتایبەتی بەڕێز كاك(جەلیل گادانی)و كۆمەڵەی ئیران، شایانی باسە ئەم حیزبە بەڕێزانە زۆر هاوكاری پێشمەرگەكانی حیزبی شیوعی ولایەنەكانیتریان دەكرد ئەویش لە هەستێكی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری و كوردانەوەبوو كە بەهانامانەوە دەهاتن و ببوونە پشت و پەنامان. هەرچەندە باسی رۆڵی ئەم هاورێیانە بكەین لەچوارچێوەی رێكخستنەكانی چوارقوڕنە هەركەمە سەرەڕای ئەوەی تووشی ماندووبوون و ناخۆشی زۆر دەبوون لەمپێناوەشدا تووشی مەترسی گیانی و ماڵی دەبوون لەلایەن دوژمنەوە، ئاماژەیەك كە ئەم هاورێیانە تووشی دەبن لەبەرواری (٦/٣/ ١٩٨٩) كەواتا رۆژێ دوای شەڕەكەی كۆسرەت رژێمی بەعس (٢٧) كەسیان لەناوشاروچكەی چوارقوڕنە دەستگیر كرد، دووان لەوگیراوانە (خدر گۆمانی و رەحمانی حاجی نادر) وەكو شیوعی دەستگیردەكرێن ئەوانیتر لەپاش چەند كاتژمێرێك ئازاد دەكرێن بەلام (خدر گۆمانی) پاش ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆرلەپاش سێ رۆژ ئازاد دەكرێ هەر لەم كاتەدا (خدر گۆمانی) نامەیەكی لەلایەن مام جوامیر و ملازم كەریمەوە بەزمانی عەرەبی پێدەگات، یەكەمجارە نامەی بەعەرەبی بۆ بنێردرێ لەلایەن هاورێیانەوە، ئەمەش بۆی دەبێتە گرفتێك و هەڵوێستەیەك دەكات لەنامەكە، نەوەكو فێڵێك بێت، كە نامەكەش بەعەرەبی نوسرابوو بەوهۆیەوە بوو كەسیتر نەبووە لەگەڵ مام جوامێر كەخوێندەواربێت بۆیە ناچاردەبن ملازم كەریم بینوسێت و ئەویش بەزمانی عەرەبی دەینووسێت، هەروەها خدر گۆمانیش عەرەبی نازانێت كەنامەكە بخوێنێتەوە ناشتوانێ پیشانی كەسی بدات لەگەڵ خێزانەكەیدا دادەنیشن هەر چۆنێك دەبێ چەند وشەیەك لێكدەدەنەوە لێی تێدەگەن كەمام جوامێر داوای هەواڵ پرسینی هاورێیانی كۆسرەت دەكات لە(خدر گۆمانی) مام جوامێریش بەئاگا نییە لەدەستگیر كردنی(خدر گۆمانی) بۆدڵنیایی نامەكەش دڵی بەوە خۆش دەبێت كە لە نوسینی نامەكەدا ناوە نهێنیەكەی(خدر گۆمانی) بەكار دەهێنن، لەپاش ماوەیەكیتر دووبارە(خدر گۆمانی) دەستگیر دەكرێتەوەو رەوانەی ئەمنی سلێمانی دەكرێت، ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆری دەدەن و ئازایانە بەرامبەر جەلادەكانی بەعس دان بەهیچدا نانێت. لەئەمنی سلێمانی لەگەڵ(هەرێم) رووبەروویان دەكەنەوە(هەرێم) یش ئەوەندی باش دەبێت لەوێ نكۆڵی دەكات لەناسینی(خدر گۆمانی). لەكاتێكدا (خدر گۆمانی)دەیەوێت لە ناو بەندیخانەی سلێمانی لەگەڵ(هەرێم) قسەبكات بەمەبەستی ئامۆژگاری كردن كە هەر یەكەیان لەژوورێكی تاكە كەسیدا دەبن، بەلام ناوێرێت هیچی پێ بڵێت، بەرێكەوت لەژوورێكی تاكە كەسی كە بەرامبەر بەژوورەكەی دەبێت چاوی بەهاورێ (پۆلا) دەكەوێت دەڵێت بەهەرێم بڵێ نامەكەت بۆ نەگەیاندووەتە دەست هاورێیان؟ هەرێم هەر لەرێگای هاورێ پۆلاوە دەڵێت بەباوكی(هەلالە) بڵێ هاورێیانی فەرماندەكانمان لەوێ نەبوون، (هەرێم) بەمشێوەیە وەلامدەداتەوە بەلام لەم وەلامەشدا نابێتە جێگەی باوەرمان، خدر گۆمانی دەڵێ راستەوتوومە نامەكە تایبەتە بەمام جوامێرو ملازم كەریم بەلام ئەوەی لەنامەكەدا نووسراوە بەدەمیش بە(هەرێم) وتراوە كەدوژمن بەنیازن هێرش بكەنە سەرتان.

## چۆن مەفرەزەكانمان دوای شەڕی كۆسرەت پەرتەوازەبوون؟

لەدوای شەڕی كۆسرەت هەرسێ

مەفرەزەکەمان بوونە چەند بەشێکەوەو پەیوەندیمان بەیەکەوە پچڕابوو، تەنانەت پەیوەندیمان بە ڕێکخستنەکانیشەوە نەمابوو، ئەو چوار پێشمەرگەیەی بەئیش و کار لێمان دوورکەوتبوونەوە بەهۆی شەڕەکەوە نەیانتوانی پەیوەندیمان پێوەبکەنەوە هەرئەو ڕۆژە بۆ بەیانیەکەی، ڕێکەوتی (٥/ ٣/ ١٩٨٩) واتا ڕۆژی شەڕەکە مام جوامێر لەشاخی حاجی قەڵاوە بەدووربین سەیری چیای کۆسرەت دەکات دەبینێ جاش و کۆپتەرو دەنگی تەقەو ئاربیجی لەسەر کۆسرەت بەدی دەکات، دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی کەخەریکی نانخواردنی بەیانی دەبن پێیانڕادەگەێنی کەهاوڕێکانمان لەکۆسرەت توشی شەڕ بوون، لەدوای گێڕانەوەی قسەکانی(مام جوامێر) سێ پێشمەگەکەی تر ڕوودەکەنە مام جوامێرو پرسیاری لێ دەکەن: چۆن دەزانی هاوڕێکانمان تووشی شەڕ بوون؟ لەوەڵامدا پێیاندەڵێت لەبەیانیەوە بەدووربین چاوەدێریی دۆڵی خەلەکان دەکەم بەلامەوە جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن ئاسایی نەبوون، بەوهۆیەوە چاوێکم بەچیای کۆسرەتدا گێڕا بینیم جاش و کۆپتەرو ئاربیجی و گویم لەدەنگی تەقەبوو، لەدوای ئەوەی دڵنیادەبن کە لەکۆسرەت تووشی شەڕبووین هەر پێشمەرگەیەکیان بەجۆرێك ڕای خۆیان دەردەبڕن و چیبکەن وچۆن هەواڵێکیان لەسەر ئێمە دەست بکەوێ، بەباشی دەزانن ڕووبکەنە گوندی هەرمۆتە تا پەیوەندی بکەن بەڕێکخستنەکانی (کۆیەو چوار قورنەوە)وە، بۆئەوەی هەواڵێکی شەڕەکەیان دەستبکەوێ، خۆیان ئامادە دەکەن تا لەشوێنی مەبەست نزیکببنەوە بەهۆی شەڕەکەوە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ لامان و بەهیچ جۆرێك ئاسان و دروستنیە بگەڕێنەوە کۆسرەت وابڕیاردەدەن لەپاش پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانەوە بچنەوە بنکەکانی باواجی لەوێ چاوەڕوانبن، دەزانن هەر پێشمەرگەیەکمان دەرباز ببێت ڕوودەکاتە بنکەکانی دەشتی کۆیەو باواجی، ئەوەبوو لەدوای ڕاگۆڕینەوە ناچاردەبن ڕوو لەدەشتی

کۆیە بکەن بۆ ڕۆژی (١٩٨٩/٣/٥) لەروباری کۆیەو گوندی عەودالان خۆیان حەشاردەدەن لەپڕێکدا لەکاتژمێر (٨)ی بەیانیدا کەسێکیان لێ پەیدادەبێ بەناوی( محەمەد حاجی زاهیر ) ی شەوگێر، یەکەمجار چاوی بەپێشمەرگەکان دەکەوێ خۆی گێلدەکات، بەڵام هاوڕێیان بانگی دەکەنە لای خۆیان گلی دەدەنەوە چەند هاوڕێیەك پێیان باش دەبێت تاکو ئێوارە لایان بمێنێتەوەو پرسیاری لێ دەکەن خەڵکی کوێیەو ناوی چیە، نابراو لەسەرەتادا خۆی واپیشاندەدات کەهاتووە سەردانی بێستانەکەیان بکات واخۆشی پیشانداوە کەسێکی زۆر بێ ئاگاو گێلە هەقی بەسەر هیچەوە نییە تەنانەت لەپێشمەرگەکان ناپرسێت ئێوە چ کارەن و لێرە چ دەکەن، بەڵام لەراستیدا بۆحاڵی خۆی کەسێکی زۆر وریابووە بەرووخسارو جل و بەرگ و خۆحەشاردانەکەیان دەزانێ پێشمەرگەن، بیر لەوەدەکاتەوە چۆن فێڵێك بدۆزێتەوە تا کاتژمێر (١)ی پاش نیوەرۆی ئەو ڕۆژە خۆی دەخافڵێنی لەهەلێك دەگەڕێت تا خۆی لەدەست پێشمەرگەکان دەربازبکات داوایان لێ دەکات ڕێگای پێبدەن سەردانی بێستانەکەی بکات، لەم ڕێگایەوە دەتوانێ پێشمەرگەکان فریو بدات و ئەوەندەی پێ ناچێت خۆی لێیان دەشارێتەوەو بەهەڵەداوان دەچێتە لای دامودەزگا ئەمنیە بەعسیەکانی کۆیەو مەفرەزە خاسەکانی ناوچەکە ئاگاداردەکاتەوە کەچوار پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لەگوندی عەودالان خۆیان حەشارداوە، بەرپرسە بەعسیەکانی کۆیەش بڕیاردەدەن هێزێکی گەورەی جاش و سەرباز ئامادەدەکەن و بەرەو جێگای پێشمەرگەکان دێن، کاتێك لەکاتژمێری (٣)ی پاش نیوەڕۆدا یەکێك لەپێشمەرگەکان دەڵێ بزانن ئەو (هێرە) چی بەسەر هاتووە لەم سەیرکردنەدا دەبن هێزێکی زۆر لەجاش و سەرباز بەرەو ڕوویان دێن پێشمەرگەکانیش بەپەلە کەمێك لەجێگاکەی خۆیان دوور دەکەونەوە بەنیازی ئەوەی لەسەرووی خۆیان هەندێ بەردی گەورە هەبوو بۆ ئەوەی لەپەنای

بەردەکان دابمەزرێن و خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، هاوار هاواری جاش دەست پێ دەکات و گەڕان و پشکنینی ناو ڕوبارەکەو دەوروبەری گوندەکە دەگەڕێن و هیچ بەدی ناکەن و جاشەکان ڕوودەکەنە( محەمەدی حاجی زاهیر)و پێی دەڵێن کوانی پێشمەرگەکان بۆ درۆت لەگەڵ کردین، خۆ جنۆکە نەبوون خۆیان بزربکەن ناوبراویش هەرچەندە سوێندیان بۆدەخوات دەڵێت: ئا ئەلێرە لەگەڵ هەرچوار پێشمەرگەکە دانیشتبووم بەڵام نازانم بۆ کوێ ڕۆیشتوون ئەم دەمەقاڵەیەی نێوان ناو براو وجاشەکان بۆخودی پێشمەرگەکان گوێ بیستی دەبن، ئەم چوار پێشمەرگەیە خۆیان ئامادە دەکەن بۆشەڕێکی مان و نەمان، ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەبن هاکا تووشی شەڕ بوون و بەتەمای خۆیان نابن و بەردەوام دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان دەبێت بەشێوەیەکی چوار گۆشە دادەمەزرێن لەپێچێکی ناو دۆڵەکەدا خۆیان حەشار دابوو ئامادە باشیان وەرگرتبوو بڕیار وابوو دان بەخۆیاندا بگرن تا تەواو نزیك نەبنەوە تەقە نەکەن کەجاشەکان نزیك ئەو پێچە دەبنەوە کە پێشمەرگەکانی لێیە خۆشبەختانە لەئاستی بینینی پێشمەرگەکان کوێر دەبن و کەسیان بەدی ناکەن کەتەنها (١٠) مەتریان دەمێنێت بگەنە سەر پێشمەرگەکان دەگەڕێنە دواوە، لێرەدا خۆڕاگری ئەم چوار پێشمەرگە پارتیزانە دەردەکەوێت کەچۆن توانیان بەسەر خۆیاندا زاڵ ببن و چاوەڕوانی دوا ساتەکانی دەست پێکردنی شەڕدەبن، بەڵام دانبەخۆدا گرتنیان زیاتر گیانیان لەو مەترسیەی چاوەڕوانیان بوو دەیانپارێزێت و ڕزگاریاندەکات، ئەوەبوو لەداوی ئەم تاوانبارو خۆفرۆشە رزگاریاندەبێت، ئەم هێرە ئەوەندەی نەمابوو ئەم چوار پێشمەرگە ماندوو نەناسە بکاتە پاروویەکی چەورو دەرخواردی چڵکاو خۆرەکانی بەعسی بدات. لەگەڵ بانگی مەغریبدا ڕوودەکەنە گوندی هەرمۆتەو خۆیان دەکەن بەماڵی(مامۆستا جەمیل)دا کە یەکێك بوو لەوئەندامانەی ڕێکخستنەکان و هاوکاریمانی دەکردو لەسنوری کۆیەو گوندی هەرمۆتەدا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوو لەراپەڕاندنی ئیش و کارەکانماندا، کە کاتێك مام جوامێرو ملازم کەریم و دوو هاوڕێکەیتر لەبەردەم دەرگاکەیان دەوەستن هێشتا جاشەکان لەناو گوندەکەو ئەو دەوروبەرە دەگەڕان کە مامۆستا جەمیل چاوی پێیاندەکەوێت بەلایەوە سەیردەبێت و هەڵوێستەیەك دەکات لەئاستیان، سەرەتا پێشمەرگەکان ناناسێت و باوەڕیان پێناکات، پێیاندەڵێت ئێوە کێن؟ ئەمانیش ئەو نهێنیەی لەنێوانیاندا دەبێت دەیدرکێنن و ئەوجا ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێدەدات، هەرلەوێ مامۆستا جەمیل پێیاندەڵێت دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشتووە هەمووتان لەچیای کۆسرەت شەهید بوون، ئەمانیش دەڵێن راستە هاوڕێیانمان تووشی شەڕبوون بەڵام ئێمە لەوێ نەبووین و هەواڵیان نازانین کێ شەهیدبووەو کێ ماوە! پێشمەرگەکان دەڵێن هاتووین بزانین ئێوە چی دەزانن دەربارەی هاوڕێکانمان لەچیای کۆسرەت.

مامۆستا جەمیل دەڵێت: ئەوەی ڕاستی بێت لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە هیچم نەبیستوە بەڵام لە دەم جاشەکانەوە هەواڵ وا بڵاوکراوەتەوە ئەو پێشمەرگانەی چیای کۆسرەت هەموویان کوژراون، لەناو کوژراوەکاندا(کامەران موراد) ناسراوەتەوە، ئەم هەواڵە ئەوەندەیتر هاوڕێیان نارەحەتدەکات دەکەونە نامەنوسین بۆ ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە تاهەواڵێکیان دەست بکەوێ بزانن کێ ماوەو کێ شەهیدبووە، نامەی دووەم لەرێگەی هاوڕێیانی چوارقوڕنەوە دەربارەی شەڕەکەی کۆسرەت بۆ سەرکردایەتی دەنوسن و هەواڵەکەیان پێرادەگەیەنن، ملازم کەریمیش نامەیەك دەنوسێت بۆ (ملازم شوان بکر)کە بەرپرسی مەڵبەندی هەولێربوو ئەوکات ناوبراو لەناو شاری هەولێر بوو خۆی حەشار دابوو، سەرپەرشتی مەفرەزە پارتیزانەکانی دەکرد لەنامەکەدا شەڕەکەی کۆسرەتی پێرادەگەیەنن، مامۆستا جەمیل دووبارە جەخت دەکاتەوەو بەپێشمەرگەکان دەڵێت: لە کاتژمێری

(٣)ی پاش نیوەڕۆوە هێزێکی زۆر لەم ناوە هاتوچۆدەکات وەکو ئەوەی بڵێیی هەستیان بەشتێک کردبێت ئەی ئەوهەموو جاش و سەربازانەتان نەبینیوە؟ پێشمەرگەکانیش لەوەڵامدا دەڵێن: نەک ئێستاکە بەڵکو چەند کاتژمێرێک پێش ئێستاکە بەدوی ئێمەدا دەگەڕێن و بەرێکەوت نەمانیان دۆزیوەتەوەو رزگارمان بووە، دۆستەکەمان دەڵێیت کەواتا هەستیان بەبوونی ئێوە کردووە بۆیە بەپەرۆشەوە ئەم ناوەیان گەمارۆداوە، پێشمەرگەکان دەڵێن: پیاو چاکێک بەناوی(محەمەد حاجی زاهیر) خەبەری لێداوین و ئەوەندەی نەمابوو بماندانە دەست ئەم جاش و سەربازانەی تۆ دەیانبینی.
لەپاش پشوویەکی کورت و هەڵگرتنی خواردن روودەکەنە چیای باواجی بۆ کۆنە بنکەکان لەوێ بەدۆستەکەمان دەڵێن هەر پێشمەرگەیەکی ئێمە هاتەلاتان رەوانەی شوێنی دیاری کراوی بکەن، هاوڕێکانمان ئەوە دەزانن هەرکەسێکمان دەربازی ببێت ڕوو لەباواجی دەکات، هاوڕێیان دەچن لەوێ چاوەڕوانی دەکەن بزانن کێ روو لەباواجی دەکات لەدوای دوو رۆژ (خەسرەوو کوردە)لەڕۆژی شەڕەکەوە بە ناشارەزایی لێماندابڕابوون ڕۆژی ١٩٨٩/٣/٦ لەشاخی(هەیبەت سولتان)دەڕۆن بەدیوی کۆیەدا لەنێو داروبارى گوندی(فەقێیان) بەرێکەوت تووشی یەکدەبن، پاش ئەوەی جاش بۆ ناوچەکە دەردەچن و لەوێش لە دەوروبەری نیوەڕۆ بەوماندوێتی و برسێتی وبێ فیشەکی و بریندارى خەسرەو لەبەر برسێتی شۆڕ دەبنەوە بۆ ناو باخە هەنارەکان بۆ ئەوەی چەند هەنارێکیان دەست بکەوێت و برسێتی ئەورۆژەی پێبەرێ بکەن، ئەوەندەی پێناچێت گوێیان لەهاوارهاواری جاش دەبێت وجاشەکانیش بە دییان دەکەن، تووشی شەڕ دەبن لە گەڵ ئەو کۆمەڵە جاشە خۆفرۆشانە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بەکلاشینکۆفێکو دەمانچەیەک دەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن لەپاش شەڕێکی نیوکاتژمێری توانیان خۆیان دەربازبکەن و بێ زیان دەبن، جاشەکان زۆر بەدوویاندا دەگەڕێن، بەڵام ناتوانن بیاندۆزنەوە.
بۆرۆژی ١٩٨٩/٣/٧ پەیوەندی دەکەنەوە بەمام جوامێرو سێ هاوڕێکەیتر لەبنکەی باواجی، ئێمەش کە (٩) پێشمەرگە مابووین لەشەڕەکەی کۆسرەت رزگارمان ببوو.

## چۆن دووبارە خۆمان رێکخستەوەو هەوەڵاندا پەیوەندی بەشارەوە بکەینەوە؟

بۆ رۆژی دوای شەڕەکەی چیای کۆسرەت، لەپشتی گوندی شێوەشان خۆمان حەشاردابوو، ژمارەمان(٩) پێشمەرگەبووین کە مابووینەوە، دوو هاوڕێمان لەڕۆژی شەڕەکەوە لێماندابڕابوون ئەوانیش(خەسرەو و کوردە) بوون کە هەواڵیانمان نەدەزانی، کاتێک لەپشتی گوندی شێوەشان لە ئامادەباشیدابووین و خۆمان رێکخستەوە بۆئەوەی دوژمن نەتوانێ بۆ جاری دووەم زیانمان پێ بگەیەنێت و نەکا دەست بە کێومالکردنی ناوچەکە بکات لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێکانم لە هەوڵی ئەوەدا بوون جێگای گونجاو بدۆزنەوە (منی) تێدابشارنەوە چونکە رۆژی پێشتر بریندار بووم.
هەرئەورۆژە کۆبوونەوەیەکمانکرد، بۆئەوەی خۆمان رێکبخەینەوەو کەموکورتیەکانی خۆمان خستە پێشچاوو بۆدووبارەنەبوونەوەی هەڵەکانمان، بڕیاردرا چی بکەین و چۆن بتوانین لە بناری کۆسرەت درێژە بەکارەکانمان بدەین، بۆشەوەکەی، رێکەوتی ١٩٨٩/٣/٦ هەڵکەوت و کامەران موراد لە نزیك گوندی خدران چەند شوانێك هەبوون چوون بۆسەردانیان بەمەبەستی پەیداکردنی(نان) چونکە خواردنمان پێ نەمابوو نەشماندەتوانی روو بکەینە جێگاکانی خۆمان، بۆشەوی دواتر هەردوو هاورێ (هەڵکەوت و دڵشاد) چوون بۆ گوندی قەسرۆك لای مام جومعە بۆ هەواڵپرسینی ئەو دوو هاوڕێیەی کە لێماندابڕابوون، ئێمەش توشی نارەحەتی و ماندووبونێکی زۆر هاتبووین و برسێتی تەنگی پێ هەڵچنبووین، پاش گەڕانەوەیان لەگوندی قەسرۆك هاوڕێیان نەیانتوانی بوو هیچ هەواڵێکی هاوڕێیان بزانن، بەڵام بڕێك خواردن



حەمە ڕەشاش

و پێداویستییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، پاشان بڕیارماندا کەچیترپێویست ناکات لەکۆسرەتدا وەکو پێشوتر ژمارەی پێشمەرگەکانمان زۆربێت و جموجۆڵی زۆرمان هەبێت وخۆمان بخەینە بەرچاو و بنکەی جێگیرمان هەبێت لەبەرئەوەی وەرزی زستان و سەرما کۆتایی پێهاتبوو، چووبووینە ناو وەرزی بەهارەوە، یەکێکیتر لە بڕیارەکانمان کەمکردنەوەی ژمارەی مەفرەزەکانمان بوو لەناوچەکە بۆئەوەی بتوانین درێژە بەکارەکانمان بدەین و لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکەش چۆڵ نەکەین، چونکە دوژمن هەر لە هەوڵی ئەوەدابوو جێگاورێگای ترمان بدۆزێتەوە. یەکێکیتر لەگرفتەکانمان ئەوەبوو نەماندەتوانی وەکو پێویست خواردن بۆ پێشمەرگەکان دابینبکەین، ئەوەیش گرفتبوو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەمان کە ڕووبە ڕووی دەبووینەوە، ئەوە بوو پاش دووڕۆژ لەدوای بڕیارەکە مەفرەزەیەکی پێنج کەسیمان پێکهاتبوو لە(ملازم شێرزاد، حمەڕەشاش، کامەران، دڵشادو شاڵاو) بەرەو بنکەکانی باواجی و بنەباوێ بڕۆن تاکو لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەماندا یەکبگرنەوە. بە ملازم شێرزادمان ڕاگەیاند کە تاوەکو(١٦ /٣/١٩٨٩) (هەڵکەوت و چالاك) نەگەڕانەوە لاتان ئەوە هێشتا (ئاسۆو دکتۆر هۆشەنگ) ڕەوانەی ناوشار نەکراون، هەر لەجێگای خۆمان ماوین، ئەوەبوو نهێنیەکمان لە نێوان خۆماندا دانا، ئەویش سێ جار فیکەلێدان بوو ئەوجا خۆمان لەیەکتر ئاشکرا دەکەین ئەو سێ هاوڕێیەی کە بەدیارمنەوە مابوونەوە، (هەڵکەوت و دکتۆر هۆشەنگ و چالاك)بوون، هەر لەهەوڵی بەردەوامدا بوون چۆن بتوانن پەیوەندی بکەن بە شارەوە تا بەهانامانەوە بێن، لە یەکەم هەوڵی هاوڕێکانم دا شەوی٨/ ٣/ ١٩٨٩هاوڕێ (چالاك) بەتەنها چووبۆکەناری دەریاچەکە تاکو چاوی بەهاوڕێیانی ڕێخستنەکان بکەوێ و بە هانامانەوە بێن و ئامادەکاریمان بۆ بکەن، کە ئەوانیش پێشتر بەشەوان دەهاتن بۆ ڕاوەماسی لەویشەوە هەموو جارێ چاومان پێیان دەکەوت و هەر بەم شێوەیە بۆ ڕاییکردنی ئیشوکارەکانمان پەیوەندیمان پێوەدەکردن، بەڵام بەهۆی شەڕەکەی کۆسرەتەوە چەند ڕۆژێ بوو نەدەهاتن چونکە لەلایەن دوژمنەوە ناوچەکە بەگشتی کەوتبووە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

خۆبەدەستەوەدانی(هەرێم) ئەوەندەیترترسی لای هاوڕییانی شار دروستکردبوو، وەزعەکەی ئاڵۆزترکردبوو، کەواتە لەم هەوڵەماندا سەرکەوتوو نەبووین،(چالاك) بەبێ ئومێدی و ماندووبوونێکی زۆرەوە گەڕایەوە لامان، چونکە هەر لەئێوارەوە تابەیانی خۆرهەڵاتن لەچاوەڕوانیدا بوو، بۆ شەوی دواتر واتا لە هەوڵێکیتری (هەڵکەوت و چالاك)دا چوونەوە کەناری دەریاچەکە تاچاویان بەهاوڕیانی ناوشاری چوارقورنە بکەوێ، بەڵام زۆر چاوەڕوانیان کردبوو کەس لە(بەلەمەوانەکان)

نەهاتبوون و تووشی کەسیان نابن، پاشان (هەڵکەوت)بیر لەوەدەکاتەوە چۆن هەوڵبدات چالاك لەروباری قەمتەران کە لەکلکەی دەریاچەکەدایە بپەڕێنێتەوە، بەڵام بەهۆی زۆری ئاوەکەوە (چالاك)نەیتوانیبوو لەروبارەکە بدات، هەڵکەوت زۆر هەوڵیدابوو لەگەڵ چالاك چەندجارێك خۆی تانیوەی روبارەکە چووبوو بۆ ئەوەی چالاك هانبدات بەڵام هەوڵەکەی ئەمجارەشیان بێ سوود بوو، لەهەوڵێکیتری چالاك شەوێکیتر توانیبووی لەڕێگەی (مامۆستا ئەمین)ەوە نامەیەك بۆ(ئەحمد حاجی نادر ) بنێرێت، کاتێك نامەکە گەیشبووە جێگای مەبەست ناوبراو ئامادەیی خۆی نیشاندابوو بێت بەهانامانەوە، بۆ دانانی مەوعدەکە تەنها خۆی رۆژەکەی دەستنیشانکردبوو کەی دێت بە دووماندا، چونکە هاتنیشی ئەوەندە ئاسان نەبوو، دەبوو ئامادە باشییەکی باشی بۆبکات.

کەواتە کەسمان نەماندەزانی کەی دێت و ئێمەش لەچاوەڕوانیدابووین، کاتێك چالاك هاتەوە بە روویەکی خۆشەوە پێیراگەیاندین لەم رۆژانەدا بە سەیارەیەك چەکدارەوە دێن بەدووماندا، بەڵام نازانم چ رۆژێك دێن، منیش پرسیاری ئەو کەسەم کرد کێیە؟ وتی برای شەهیدێکی خۆمانەو کەسێکی باوەڕ پێکراوەو چەکداری رژێمە، لەکاتێکدا خواردنمان پێنەمابوو(هەڵکەوت و چالاك)چوون لەکۆنە بنکەکەمان ئەو خواردنانەی کەحەشارمان دابوون لەناو نەچووبوون هەندێکیان بهێنن وەکو(قوتوی گۆشت، شیر، پەنیرو برنج) بەم شێوەیە درێژەمان بە ژیانی رۆژانەماندەداو سودمان لەوخواردنانە وەردەگرت، زۆرجاریش ئاگرمان نەدەکردەوە نەوەکو لەدورەوە دووکەڵی ئاگرەکەمان بەدی بکرێ و ببێتە هۆی ئاشکرا بوونمان، قوتوە گۆشت و شیرمان هەر بە ساردی دەخواردو برنجەکەش تەنها ئاوەکەیمان دەخواردەوە، نەماندەهێشت دەمبکێشێت داماندەگرت ئەوەندە وریابووین سڵمان لە هەموو شتێك دەکردەوە، ئەو شوێنەی خۆمان لێ حەشاردابوو زۆرباش نەبوو، هەڵکەوت کەوتەگەڕانێکی زۆر، توانی لەودەوروبەرەجێگایەکی لەباروگونجاوبدۆزێتەوە، بۆئەوەی خۆمانی تیادا بشارینەوەو جموجۆڵی خۆمان کەمبکەینەوە، ئەوەندە هاتوچۆنەکەین لەبەر ئەوەی دوژمن بە هەموو شێوەیەك بەدوامانداندا دەگەڕان بۆئەوەی رێگاو جێگایترمان ئاشکرابکەن لە رێگای چەند خەڵکێکی خۆفرۆشەوە هاتبوونە ناوچەکە بەبیانووی ئەوەی شوانن، دەیانویست خۆیان لێمان نزیك بکەنەوە بۆئەوەی زانیاری دەربارەمان بزانن. ئەو چوار پێشمەرگەیەی لەمەفرەزەکانمان دابڕا بووین، ژیانی رۆژانەمان لەکونە ئەشکەوتێکی پشت گوندی شیوەشان دەبردەسەرو چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کەی دێن بە دوماندا.

دۆزینەوەی ئەو کونە ئەشکەوتە لەقەد شاخەکە هەرچەندە سەرکەوتن و دابەزین ئاسان نەبوو بەڵام جێگایەکی زۆر سەختبوو شوێنێکی زۆر باش و شاراوە بوو، مەترسی زۆرکەمبوو، ئەو کونە ئەشکەوتە مەگەر هەر خەڵکی ناوچەکەو راوچی شارەزای بوونایە، ئەو ئەگەرەش زۆر کەمبوو، ئەو کونە ئەشکەوتە هەر نەبووە جێگای خۆشاردنەوەمان بەڵکو بووە بنکەیەکی تەندروستی بۆ مەفرەزەکانمان.

یەکەمجار هەرمن بریندارببووم، دکتۆر هۆشەنگ وەکو ئەوەی رۆژانە لە بنکەیەکی تەندروستی ئاسایی دەوامبکات ئاوا هەڵسوکەوتی دەکرد، رۆژانە چەند جارێ سەردانی دەکردم و چارەسەرو دەرمانی برینەکەمی دەکردو نان و خواردنی ژەمەکانی بۆم دابین دەکرد، شایانی باسە دکتۆرەکەمان هەرچەندە کۆلێژی پزیشکی تەواونەکردبوو، بەڵام بۆئێمەو ئەو رۆژگارە دکتۆرێکی کارامەو لێ هاتووبوو، وەکو هەر دکتۆرێکی تر لەبنکەیەکی تەندروستی کاربکات سەردان و چاودێریی نەخۆشەکان بکات بەوشێوەیە رەفتاری دەکردو ژیان و گوزەرانمانی بەڕێوە دەبرد، سەرەڕای هەموو ناخۆشی و سەختی ژیانمان و کەم و کورتیەکانمان و کەمی خواردن و داودەرمان، لەدڵەڕاوکێدا دەژیاین، دکتۆر(هۆشەنگ) زۆر

بەخەمەوەبوو، زۆریش بەمنەوە ماندو دەبوو، رۆژانە سەردانمی دەکرد، زۆر بەجوانی چاودێریمی دەکرد، تالەژیاندا بمێنم، هەوڵ وماندوبوونەکانی دکتۆر هۆشەنگم لەبەرچاو ون نابێت، هەرکاتێك باسی ژیانی پارتیزانی بکرێت دکتۆر هۆشەنگم دێتەوە یاد.

رۆژانی سەختی ژیانی پارتیزانی دێنەوەیادم، ڕەمزی دکتۆرێکی پارتیزان دێتەوە بەرچاوم، دکتۆر هۆشەنگ لە هەمووکات و ساتێکی ژیانمدا ڕەمزی دکتۆرێکی پارتیزان دەنوێنێت و خۆڕاگری رۆژە سەختەکان دەبەخشێتە پێشمەرگە پارتیزانەکانی حیزبی شیوعی. لەپاش دابینکردنی جێگاو ڕێگاو دوورخستنەوەمان لەمەترسیەکان، لە هەوڵێکی ترمان بۆ پەیوەندیکردن بە دۆستێکمانەوە بووین بە ناوی(مام مەجید) کەشوان بوو، پەیوەندیمان بە کەسیترەوە نەمابوو، تەنانەت بەمەفرەزەکانیترمانەوە، ماوەی چەند رۆژێ بوو دابڕابووین، پێویستمان بەدابین کردنی دەرمان و خواردن هەبوو، لەو ماوەیەی دابڕابووین هەر ئەو نامەیەی شەهید چالاك ڕەوانەی کردبوو ئەویش هێشتا بە تەواوەتی ئەنجامی دەرنەکەوتبوو.

پاش هەوڵێکی زۆری هاورێکانم و چەندینجار ڕۆیشتن و هاتوو چۆیان توانیان لە نزیك گوندی (مێوژێ)، پەیوەندی بە(مام مەجید)ەوە بکەن. ئەو دۆستەمان جێگای باوەڕومتمانە بوو، هەر لەسەرتاوە وەکو ڕێکخستنەکان بێ دریغی کردن هاوکاری باشی دەکردین.

لەشەوی١٥-٣/١٦ /١٩٨٩ هەردوو هاوڕێ(چالاك و دکتۆر هۆشەنگ ) سەردانی مام مەجید دەکەن، دوو شوانی تر لەوێ دەبن بە ناوەکانی(جومعە حەوێز ئیبراهیم دانیشتوی گوندی پێبازۆك) و (سەردار مام عەباس دانیشتوی گوندی تیمارۆك)، دوو شوانەکە لە کاتی گفتوگۆدا توانیبویان(چالاك) لەخشتەبەرن و بزانن چییان پێویستەو کاتی گەڕانەوەیان کەی دەبێت(چالاك)پێیاندەڵێت سبەی شەو دەگەڕێینەوە بۆ لاتان، واتە شەوی ١٩٨٩/٣/١٨ شوانەکانیش لەوەتێدەگەن و چالاك بەڵێنی گەڕانەوەیان پێدەدات و بۆشەوی دواتر دەگەڕێتەوە لایان و هەڵبەتە کارێکی تایبەتی لەگەڵ مام مەجید دا هەیە، دوو شوانەکەیتر لەم خاڵەوە بەهەلیدەزانن زیاتر خۆیان بۆنزیککردنەوە ئامادەدەکەن و واخۆیان نیشاندەدەن کەوا دڵسۆزی پێشمەرگەن و هەندی بەشان و باڵی پێشمەرگەدا هەڵدەدەن و قسەوتن بە دوژمن بۆئەوەی هاوڕێیان متمانەیان پێبکەن و گومانیان لێنەکەن، چونکە شوانێکیان بە ناوی (جومعە حەوێز ئیبراهیم)وە هەر لەهاوینی ١٩٨٨وە لە نزیك گوندی ئالیقان توشی(حەمە ڕەشاش)دەبێت، هەندێ پارەی پێدابوو بۆهێنانی چەندپێداویستیەك، بەڵام کاتێ(حەمەرەشاش) گەڕایەوە بۆلامان، وتی شوانێکم دۆزیوەتەوەو پێمراگەیاندوە چەند پێداویستیەکمان بۆبهێنن، ئێمە ڕێگامان نەدا بڕواتەوە لای شوانەکە، هەرلەوکاتەوە دەیەوێت خۆی لێمان نزیکبکاتەوە، ئامادەیی خۆی نیشاندابوو کەهەر پێداویستیەکمان هەبێت بۆمان دابین بکات، بەڵام ئەو جارەیان هەوڵی نزیکبوونەوەکەی سودی نابێت.

بۆ جارێکیتر هەمان شوان لە نزیك گوندی شیوەشان بە فێڵ قاچی(کارێك) لە ئاژەڵەکانی خۆی دەشکێنێ و بە جێی دەهێڵێت بۆئەوەی بتوانێت لەورێگایەوە جێگای ئێمە بدۆزێتەوە، ئێمەش هەر چوارمان لەپشت گوندی شیوەشان لەئەشکەوتەکەدا خۆمان حەشار دابوو، چاومان لێبوو کەدوور کەوتەوە بۆ شەوەکەی هەڵکەوت و چالاك چوون(گیسکە قاچ شکاوەکە)یان هێنا بەبێ ئەوەی بتوانێت بەدییان بکات، بۆیە نەیتوانی لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتووبێت، هەر لەوسەردانەیاندا(چالاك) داوای هەندێ خواردنیان لێ دەکات ئەوانیش دەڵێن بەسەرچاو هەر ئیشێکی ئێوە بەئێمە بکرێت بۆتان جێبەجێ دەکەین، بەڵام شوانەکان دووبارەیان لێ دەکەنەوە کە بگەڕێنەوە بۆلایان بۆ ئەوەی شتەکانیان بۆ بهێنن، (چالاك)یش دەڵێت لەوادەی دیاریکراوی خومان دەگەڕێینەوە لاتان بەم جۆرە شوانەکان

لەهاتنەوەی پێشمەرگەکان دڵنیادەبن و دەتوانن مەوعیدێکی تەواو بەدەست بهێنن، لەیەکەم ڕۆژەوە مام مەجید هاوڕێیانی ئاگادارکردبوو کە ئەم دوو شوانە جێگای باوەڕو متمانە نین، بەڵام هاوڕێیان زۆر گوێ بۆ ئەم بۆچوونەی دۆستەکەمان ناگرن، ئەوەی ڕاستیبێت ئەم هەوڵانەی چالاك و نزیکبوونەوەی لە شوانەکان لەپێناوی ئەوەدابوو کەشوانەکان هەست بە پەیوەندیی نێوان ئێمەو مام مەجید نەکەن هەر بۆیە رووی تێیان کردبوو، داوای هەندێ خواردنی لێیانکردبوو بۆئەوەی بتوانێت چەواشەیان بکات، چالاك واخۆی پیشان دابوو کەسەردانەکەیان کارێکی بەڕێکەوت بووەو هیچ مەبەستێکی بەدواوە نییە بەڵکو سەردانەکەمان بۆ لای هەمووتانە، بەڵام بیرکردنەوی ئەم دوو شوانە خۆفرۆشە زۆر بەهێزتربوو لەبیرکردنەوەکەی هاوڕێیان، بۆیە بەیانی خۆیان دەگەیەننە لای پیاوکوژەکانی بەعس، پێیان ڕادەگەیەنن کە دوو پێشمەرگەی حیزبی شیوعیان ئاشکرا کردووە، ئەمشەو سەردانیان کردوین، داوای خواردنیان لێکردووین، ئێمە دواتر ئەم هەواڵانەمان لە ڕێگای دۆستێکی نزیکمانەوە دەست کەوت، دامودەزگاکانی بەعس زۆر بەپەرۆشەوە بەرەوپیری ئەم دوو شوانەدەچن و گوێیان لێدەگرن، پیاوکوژەکانی بەعس زۆر تەئکید لەشوانەکان دەکەنەوەو پێیاندەڵێن ئێوە دڵنیان لەوەی ئەو پێشمەرگانە لەو مەوعیدەی لە نێوانتاندا ڕێکەوتوون دەگەڕێنەوە لاتان؟، شوانەکانیش هاتنەوەی پێشمەرگەکان ڕا دەگەیەنن و دەڵێن: بەڵێ دێنەوە، دووبارە(جومعە حەوێن) لەبەردەم بەعسیەکاندا دەڵێت: من دڵنیام دێنەوە، چونکە واهەستم کردووە بێ خواردنن و برینداریشیان هەیە زۆر پێویستییان بەهاوکاریکردن هەیە، شوانەکان بە گاڵتە جاڕیەوە دەڵێن شیوعیەکان زۆر لەمەوعیددانان(مولتەزیم)ن بۆیە ئومێدمان زۆرە لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا لەشەوی١٩٨٩/٣/١٨دا دەگەڕێنەوە بۆلامان بۆبردنی ئەو خواردنانەی داوایان لێمانکردووە، بەمشێوەیە لەگەڵ دامودەزگا سیخوڕیەکانی بەعس ڕێکدەکەون و دەکەونە هەوڵی ئەوەی چۆن دژی ئەم دوو پێشمەرگەیە پلانەکەیان دابڕێژن.

بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی خۆفرۆش لەمەفرەزە خاسەکانی ناوچەکە ئامادە دەکەن کە پێکهاتووە لە سەدان چڵکاوخۆری بەعسیەکان بۆئەوەی تاوانێکیتر بنێن بەناوچەوانی مێژوەوەو زیاتر خۆیان لەزبڵدانی مێژودا ڕوو ڕەشتر بکەن، لەهەموو سەردەم و زەمانێکدا خۆفرۆشان وەکومیکرۆب لەئاوی لێخندا مەلەوانی دەکەن کە ئەم جۆرە خەڵکانە مشەخۆرن وناتوانن لەسەرپێی خۆیان راوەستن، تەنها بەو پارووە پیسەی کەلەلایەن ئاغا کانیانەوە پێیان دەدرێت دەژین، بۆیە ئەمجۆرە کەسانە ئەوکارانەیانکردبوو بەپیشە تابۆیان بکرایە لەناوشار پیاوەکانی رژێمیان بەکەسوکاری پێشمەرگە ئاشنادەکردو ئەزیەتی کەسوکاری پێشمەرگەیاندەدا لەگرتن و لێ سەندنی پارەو بێبەشکردنیان لە هەموو مافێکی نیشتمانی وەکو هاوڵاتیەك، ئەمەش تەنها بۆ وەرگرتنی بڕێك پارە یان ئافەرینێکی ئاغاکەیان کە پیاوەکانی بەعس و سەرکردەکانی بەعسبوون، هەرچەندە ئەوان خۆیان باش دەیانزانی چی دەکەن وئەوانیان تەنها وەکوسەگی پاسەوان راگرتبوو بۆ ڕێگە پێشاندان. ئەوەی کە خۆ فرۆشەکانیش بیریان لێنەدەکردەوە داهاتووبوو کە ئایا ئەم سیناریۆیە هەروا بەردەوام دەبێت، کورد واتەنی(دنیا هەر ئاوها روناك دەبێت) بۆیە بۆتیکەی ئاغاکانیان کەوتبوونە وێزەی پێشمەرگە گیانبازو ماندونەناسەکانی ئەم نیشتمانە کە ڕۆڵەی هەرە دڵسۆزی ئەم گەلە ستەم دیدەیە بوون، خائینانیش تەنها بەشوێنپێی پێشمەرگەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی لای بەعسیە ئەنفالچی و خوێن ڕێژەکان خۆشەویستبن، شانازییان بەوەوە دەکرد کە بە زانیاریەکانیان پێشمەرگەیان بە شەهید کردن داوە.

(**ماویەتی**)